گـۆڤـاری زانـكۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin
مجلة جامعة ڕابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper3
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 11/02/2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 11/04/2023
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2024

# بنیاتی كارەكتەر لە ڕۆمانی (ئابشۆران)ی (عەلی ئەشرەفی دەروێشیان) و ڕۆمانی (كۆردەرە)ی (خوسرەو جاف)دا

## (توێژینەوەیەكی بەراوردكارییە)

شاخەوان حسن حسین[١] - نەجم خالید ئەلوەنی[٢]
shakhwan.husien@su.edu.krd - najm.najmadin@su.edu.krd
[١+٢] بەشی كوردی، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكی بەراوردكارییە لەڕوانگەی قوتابخانەی بەراوردكاری فەرەنسییەوە، بۆ بەراوردكردنی بنیاتی كارەكتەر لە نێوان ڕۆمانی (ئابشۆران)ی (عەلی ئەشرەفی دەروێشیان) و ڕۆمانی (كۆردەرە)ی (خوسرەو جاف)دا، كارەكتەر وەك توخمێكی گرنگی پێكهێنەری ڕۆمان ڕۆڵێكی گرنگی لە بەرەوپێشچونی ڕوداوەكانی ناو ڕۆماندا هەیە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بەراوردی كارەكتەری سەرەكی و لاوەكی و كارەكتەری پەرەسێن و پەرەنەسێن لە هەردو ڕۆمانەكەدا كراوە و لێكچون و جیاوازییەكانیان خراوەتەڕو.

**كلیلە وشـەكان:** كارەكتەر، كارەكتەری سەرەكی، كارەكتەری لاوەكی، كارەكتەری پەرەسێن، كارەكتەری پەرەنەسێن.

## پێشەكی:

كارەكتەر كە توخمێكی پێكهێنەرە لە بنیاتی ڕۆماندا، گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، چونكە ڕۆڵێكی بەرچاوی لە گەشەكردن و پەرەسەندنی ڕوداوەكانی نێو پانتایی ڕۆمان دەگێڕێت و كاریگەرییەكی زۆریشی لەسەر

دەرخستنی توخمەکانی دیکە هەیە. ڕۆماننوس لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە ئایدیاو ڕوانینەکانی خۆی بە یان دەکات و دیوە جوان و ناشیرینەکانی کەسایەتی واقیعی ناو کۆمەڵگا وێنادەکات.

**گرنگی هەڵبژاردنی ناونیشـــانەکە:** لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، کەمتر توێژینەوە لەســـەر بەراوردکردن لە نێوان بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانی کوردی و بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانی نەتەوەکانی دیکەدا کراوە، بۆیە ئێمەش بابەتی (بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانی (ئابشـــۆران)ی (عەلی ئەشـــرەفی دەرویێشـــیان) و ڕۆمانی (کۆردەرە)ی (خوسرەو جاف)مان بۆ ناونیشانی توێژینەوەکەمان هەڵبژاردوە.

**پرسـی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵمانداوە وەڵامی ئەم پرسـیارانە بدەینەوە: ئایا بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانی کۆردەرە هەمان بنیاتی کارەکتەری ڕۆمانی ئابشـــۆرانی هەیە؟ خاڵی لەیەکچون و جیاوازییان چییە؟ کاریگەری و وەرگرتن لە بنیاتی کارەکتەر لە چ ئاستێکدایە؟

**میتۆدی توێژینـەوەکـە:** ئـەم توێژینـەوەیـە لـە چوارچێوەی میتۆدی چۆنیـەتی Qualitative Method، وەســـفی_ شـــیکاری بۆ شـــیکردنەوەی زانیارییەکان (Data) بەکارهێناوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەدەبی بەراودرکاری بە مەبەستی بەراوردکردنی کاری توێژینەوەکە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشـەکی و ئەنجام و لیسـتی سـەرچاوەکان لە دەروازەیەک و دو بەش پێکهاتوە، بەشـــی یەکەم: لە دو تەوەر پێکهاتوە: لە تەوەری یەکەمدا پێناســـەی کارەکتەر خراوەتەڕو، لە تەوەری دوەمدا: گرنگی کارەکتەر باسـکراوە. بەشـی دوەم: بەشـی پراکتیکی توێژینەوەکەیە، دو تـەوەر لـەخۆدەگرێت، تـەوەری یـەکـەم: لێکچون و جیـاوازی کـارەکتـەر لـەڕوی ڕۆڵـەوە لـە هـەردو ڕۆمانەکەدا خراونەتەڕو، لە تەوەری دوەمیشـــدا: لێکچون و جیاوازی کارەکتەر لەڕوی پێکهاتەوە لە هەردو ڕۆمانەکەدا باسکراوە.

## دەروازەیەک بۆ میتۆدی ئەدەبی بەراوردکاری

ئەدەبی بەراوردکاری وەکو میتۆدێکی ڕەخنەی ئەدەبی لەگەڵ ســەرهەڵدانی تاکو ئێســتا چەندین پێناســەی جیاوازی بۆ کراوە، کە بـەپێی بۆچون و تێڕوانینی توێژەران و لایـەنگرانی قوتـابخـانـە جیـاوازەکـانی ئـەم میتۆدە دەگۆڕێت. هەریەک لە قوتابخانەکانی ئەدەبی بەراوردکاری (فەرەنسی، ئەمەریکی، سلاڤی) پشت بە میتۆدێکی فەلســەفی و تێڕوانینێک دەبەســتن بۆ پێناســەکردن و دەســتنیشــانکردنی بنەماو تایبەتمەندییەکانی ئەم میتۆدە. ئەم میتۆدە ئەدەبییە ســـــەرەتای ســـــەرهەڵدانی بۆ وڵاتی فەرەنســـــا دەگەڕێتەوە، هەروەها ڕەخنەگران و تیۆرداڕێژەرانی ئەدەبی ئەم وڵاتە بۆ یەکەمین جار بنەماو تایبەتمەندییەکانی ئەم میتۆدەیان دەستنیشانکرد. (ئابێل فرانسوا ڤیلمان) یەکەمین کەسە زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاریی بەشێوەیەکی زانستی

لە ساڵی (1828) لە کۆمەڵێک (وانە دەربارەی ئەدەبی فەرەنسی) لە زانکۆی (سۆربۆن) بەکارهێنا و باسی کاریگەریی ئەدەبی ئینگلیزی و ئیتالی و فەرەنسی لەسەر یەکتری کرد. ((ڤیلمان لە ساڵی (1838) بەرگی چوارەمی وانەکانی بڵاوکردەوە، تییدا بۆ یەکەمین جار زاراوەی (ئەدەبی بەراوردکاری) وەکو چەمکێکی ئەدەبی بەکارهێنا))(گویارد،1374: 12). هەرچەندە هەندێک لە ڕەخنەگران لەو بڕوایەدان بەکارهێنانی زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری لەلایەن (ڤیلمان)ەوە وەکو ((مێتۆدێکی دیاریکراو نییە، تەنیا جۆرێک بو لە بەراورد لەنێوان شاعیرانی هەندێ وڵاتانی جیاوازدا))(زرین کوب، 1388: 181). واتە ڤیلمان لە توێژینەوە بەراوردییەکانی شیعری شاعیراندا، پشتی بە بنەما و تایبەتمەندییەکانی مێتۆدێکی دیاریکراو نەدەبەست، بەڵکو تەنیا بەراوردکردنی لێکچون و جیاوازی شیعری شاعیران بو بێ ئەوەی بنەما و خاسییەتەکانی ئەدەبی بەراوردکاری دەستنیشان بکات و لەسەر ئەو بنەما و تایبەتمەندییانە توێژینەوە بەراوردکارییەکانی ئەنجامبدات.

لە توێژینەوە بەراییەکانی لایەنگرانی قوتابخانەی فەرەنسیدا، ئەدەبی بەراوردکاری ((بە شێوەیەکی سەرەکی باسی کاریگەری و کارتێکردنی نێوان نوسەران یان ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکانی دەکرد))(ژون، 1339: 30). لەم بۆچونە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت توێژینەوەکانی ئەدەبی بەراوردکای لەم وڵاتەدا گرنگییان بە کاریگەری ئەدەبی نەتەوەیەک لەسەر نەتەوەیەکی دیکە یان بەرهەمی نوسەرێک لەسەر نوسەرێکی دیکە دەدا و هەوڵیان دەدا لێکچون و جیاوازییەکانی نێوانیان دەستنیشان بکەن، بێ ئەوەی ((گرنگی بە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی پەیوەندییە مێژوییەکان بدەن))(پیرانی،1391: 23). ئەم تێڕوانینە لە توێژینەوە بەراوردییە ئەدەبییەکاندا بەردەوام بو تا کۆتایی سەدەی نۆزدەم، بەڵام لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم توێژەرانی ئەم قوتابخانەیە هەوڵیاندا پێناسەو چەمکی ئەدەبی بەراورکاری بکەن و بنەماکانی دەستنیشانبکەن.

(پۆل ڤان تیگم) یەکێکە لە ڕابەرانی قوتابخانەی فەرەنسی و یەکەمین کەسە بە شێوەیەکی زانستی پێناسەی ئەدەبی بەراوردکاری کردوە و بنەماکانی ئەم مێتۆدەی ختسوەتەڕو، ئەدەبی بەراورکاری بە ((توێژینەوە لە ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکان لەڕوی پەیوەندییان لەگەڵ یەکتری))(البدیری، 1400: 14) پێناسە دەکات. بە بڕوای (تیگم) ئەدەبی بەراوردکاری توێژینەوە لەو بەرهەمە ئەدەبییانە دەکات کە بە زمانی جیاواز نوسراون و پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە و لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییەوە دەتوانین ئاستی ئاڵوگۆڕ و چۆنیەتی گواستنەوەی (تەوژمی هزرە ئەدەبییەکان، بابەت و لایەنە هونەرییەکان) لە نێوان ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکاندا دەستنیشان بکەین. هەروەها (ماریۆس فرانسۆ گویارد) یەکێکە دیکەیە لە ڕابەرانی قوتابخانەی فەرنسی، پێناسەیەکی نزیک لە تێڕوانینی ڤان تیگم بۆ ئەدەبی بەراوردکاری دەکات و دەڵێت:

((ئـەدەبی بـەراوردكـاری بریتییـە لـە مێژوی پـەیوەنـدیی نێوان ئـەدەبی نـەتـەوەكـان، توێژەری ئـەدەبی بەراوردكاری وەكو كەســـێكە لەســـەر ســـنوری قەڵەمڕەوی زمانی نەتەوەیی لە كەمیندایە تا تەواوی ئاڵوگۆڕییە هزری و فەرهەنگییەكانی نێوان دو یا چەند نەتەوەیەك بپشكنێت))(گویارد، 1374: 17).

لە ڕوانگەی ئەم قوتابخانەیە بەراوردكردنی ئەدەب لەگەڵ بوارە جۆراوجۆرەكانی زانســـتە مرۆییەكاندا ڕێگە پێدراو نییە، چونكە ئەدەب خاوەن تایبەتمەندی و خەســـڵەتی خۆیەتی و ناكرێت لەگەڵ بوارەكانی دیكەدا تێكەڵ بە یەكتری بكرێن و لەو بڕوایەدان ((بەراوردكردن لە نێوان ئەدەب و هونەرەكانی دیكە لە چوارچێوەی بابەتەكانی ئەدەبی بەراوردكاریدا بەهەند وەرناگیرێن))(كفافی، 1382: 17). پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بكەین ئەم قوتابخانەیە نكۆڵی لە كاریگەریی بوارەكانی دیكەی دەربڕینی مرۆیی لەسەر ئەدەب ناكات، بەڵكو بەراوردكردنیان لەگەڵ ئەدەب لە توێژینەوەی بەراوردكاری ڕەتدەكاتەوە، هەروەها بوارێكی دیكە، كە لە توێژینـەوەكـانی ئـەدەبی بـەراوردكـاری ئـەم قوتـابخـانـەیـە جێگـای نـابێتـەوە، ئـەدەبی فۆلكلۆرییـە، قوتابخانەی فەرەنســـی ((دژی بەراوردكرنا ئەدەبێ فۆلكلۆرێ مللەتەكی لگەل ئەدەبێ فۆلكلۆرێ مللەتەكێ دی یان ئەدەبێ نڤێســـیێ مللەتەكی لگەل ئەدەبێ فۆلكلۆرێ مللەتەكێ دی ڕاوەســـتایە))(خالد، 2018: 196). لەبەر ئەوەی بە بڕوای بەراوردكارانی فەرەنسی ناتوانرێت بە دروستی دەستنیشانی پەیوەندیی مێژویی و كاریگەریی و كارتێكردن لەنێوان ئەدەبی فۆلكلۆری نەتەوەكاندا بكرێت.

قوتابخانەی فەرەنســـی وەكو یەكەمین قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردكاری لە كۆتایی ســـەدەی نۆزدەم و سـەرەتای سـەدەی بیستەم بنەما و خاسیەتەكانی ئەم زانستە ئەدەبییەی دەستنیشانكرد، كە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی فەلسـەفی و ڕۆشنبیر و ڕامیاریی فەرەنسا بو لە سـەدەی نۆزدەیەمدا. قوتابخانەی فەرەنسی لە كاتێكدا بنەما و خاســـییەتەكانی خۆی دیاری كرد، توێژەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبی بۆ تێگەیشـــتن و شـــیكردنەوەی دەقی ئەدەبی گرنگییان بە هۆكارەكانی دەرەوەی دەق دەدا، بۆیە كاریگەریی ئەم بۆچون و تێڕوانینە ڕەخنەییانە لەناو مێتۆدی ئەدەبی بەراوردكاری فەرەنســـیدا بەڕونی هەســـتی پێدەكرێت. ئەم قوتابخانەیە لە توێژینەوە بەراوردكارییەكاندا پشت بە دو بنەمای سەرەكی دەبەستێت، ئەوانیش بریتین لە:

## 1- پەیوەندی مێژویی:

بۆ توێژینەوەی بەراوردكاری پەیوەندی مێژوی لە نێوان ئەدەبی دو نەتەوەی جیاوازدا بە بنەمایەكی گرنگ و سـەرەكی ئەم قوتابخانەیە. لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە دۆزینەوە و دەسـتنیشـانكردنی پەیوەندی مێژویی بە بنەمایەكی سەرەكی دادەنێن و دەست بەرداری ئەم بنەمایە نەبون، و بەبێ سەلماندن و دەستنیشانكردنی پەیوەندی مێژویی نێوان دو ئەدەبی جیاواز، ئەوا ئەم جۆرە توێژنەوانە ناچنە چوارچێوەی توێژینەوەی

بەراوردکاری ئەم قوتابخانەیەوە، چونکە توێژەرانی سەر بەم قوتابخانەیە لەو بڕوایەدان ((هیچ کاریگەری و کارتێکردنێک بەبێ بونی پەیوەندیی مێژویی ڕونادات))(مقدسی،1386: 19). بۆیە دوای بەدیکردنی لێکچون و هاوشێوەیی لە نێوان ئەدەبی دو نەتەوەی جیاواز یان بەرهەمی دو نوسەردا، ئەرکی توێژەر دۆزینەوە و ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان دو ئەدەب یان دو نوسەری جیاوازە، کە لێکچون لە نێوان بەرهەمە ئەدەبییەکانیاندا هەیە، ئەم پەیوەندییەش هەندێک جار لە لایەن نوسەری کارتێکراوەوە (لە وتار، چاوپێکەوتن یان لە پێشەکی بەرهەمەکەیدا) ئاماژەی پێدەکرێت. خوسرەو جاف لە پێشەکی ڕۆمانی کۆردەرەدا، ئاماژەی بە کاریگەری ڕۆمانی ئابشۆرانی عەلی ئەشرەفی دەروێشیانی لە نوسینی ڕۆمانەکەی کردوە و دەڵێت: ((دەبێت ئەوەیش بڵێم هۆی هاندان و سەرکەوتم دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی ئابشۆرانی (...) (عەلی ئەشرەفی دەروێشیان)))(جاف،1989: 4).

## 2- جیاوازی زمان

جیاوازیی زمان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی توێژینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری لە قوتابخانەی فەرنسی، کە ڕابەرە کۆن و نوێیەکانی ئەم قوتابخانەیە جەختی لەسەر دەکەنەوە. بە بۆچونی توێژەرانی (تیۆردانەرانی) ئەم قوتابخانەیە ((جیاوازی لە زماندا مەرجە لە توێژنەوەینەوەی ئەدەبی بەراوردکاریدا))(ندا، 1393: 26) و بەراوردکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکانی زمانێک لەگەڵ یەکتری خزمەتی ئەدەبی یەک نەتەوە دەکات و ناچێتە خزمەتی ئەدەبی جیهان و ئاڵوگۆڕییە ئەدەبییەکان لە سنورەکانی ئەدەبی نەتەوەیی تێپەڕ ناکات، هەرچەندە لێکچون و کاریگەری لەنێوانیاندا هەبێت، بۆیە ئەو توێژینەوە بەراوردیانەی لەناو بەرهەمە ئەدەبییەکانی تاکە زمانێکدا ئەنجامدەدرێن ناچنە چوارچێوەی توێژنەوەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، بەراوردی بنیاتی کارەکتەری دو ڕۆماندا دەکەین، کە یەکێکیان بە زمانی فارسی نوسراوە ئەوی تریشیان بە زمانی کوردی نوسراوە.

## بەشی یەکەم: گرنگی کارەکتەر لەڕوی تیۆرییەوە

### تەوەری یەکەم: پێناسەی کارەکتەر

کارەکتەر توخمێکی دیار و گرنگی ڕۆمانەو ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بنیاتی ڕۆماندا دەگێڕێ و کاریگەری لەسەر گەشەسەندن و دەرخستنی توخمەکانی دیکەی ڕۆمان هەیە. ڕۆماننوس لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە دەتوانێت جیهانبینیی خۆی و تێڕوانین و ڕەهەندە جیاوازەکان بەشێوەیەکی ئەدەبی بخاتەڕو، بۆیە ڕەخنەگران و ڕۆماننوسان بەگرنگییەوە ئاوڕیان لەم توخمەی گێڕانەوە داوەتەوەو هەر یەکێکیان لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە پێناسەیان کردوە.

کارەکتەر لەناو ڕۆماندا لەســـەر کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاواز بنیات دەنرێت، بۆ ئەوەی تایبەتمەندی و بیرکردنەوەو کاروکردەوەی کەســـانی ناو ژیانی واقیعی پێ بخرێتەڕو، کارەکتەرەکان لەلایەن نوســـەرەوە داهێنراون و دەرکەوتنیشــیان لەناو ڕۆماندا جگە لەوەی بەهایەکی ئیســتاتیکی و هونەرییان هەیە، هەڵگری کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاوازی ناو کۆمەڵگان، ((بۆیە ناکرێت بڵێین ئەم توخمە تەنیا وشەیەکە، یان بکەری ناو هەندێ ڕستەی زمانییە بێ ئەوەی مانایەک لەخۆبگرێت، واتا کارەکتەر جگە لە لایەنە هونەرییەکەی، لایەنی واتاش بە شــێکی گرنگ لە پێکهاتەکەی پێکدەهێنێت))(ئەڵوەنی، 2021: 19). هەروەها ئێم. ئەی. فۆســـتەر پێناسـەی کارەکتەر دەکات و دەڵێت: ((کارەکتەر لە کۆمەڵێک وشـە پێکهاتوەو ڕۆماننوس دروستی دەکات، بەهۆی ئەم وشــانەوە لایەنەکانی بە شــێوەیەکی گشــتی وەســف دەکات و ناوی لێدەنێت، ڕەگەزی دیاری دەکات و جوڵەو شـــێوەی شـــیاوی بۆ هەڵدەبژێرێت، وای لێدەکات بدوێت و بە شـــێوەیەکی ڕێکوپێک هەڵســوکەوت بکات))(فورســتر، 1384: 64). واتە کارەکتەرەکان دروســتکراوی ڕۆماننوســـن، کە بەهۆی کۆمەڵێک وشـــەوە دروســتیان دەکات و ڕەهەندێکی فیزیکی، دەرونی، کۆمەڵایەتی، فەلســـەفی و هزرییان پێدەبەخشێت، کە لە پێکهاتەو تایبەتمەندی کارەکتەردا بایەخیان هەیە.

لە ڕوانگەی پەیوەندی کارەکتەر بە توخمەکانی دیکەی ڕۆمانەوە (ســـمیر ســـعید حجازي) پێناســـەی کارەکتەری کردوە و دەڵێت: کارەکتەر ((بکەرێکە کاریگەری لەسـەر ڕوداوەکان دروست دەکات و هەندێک بەشـی چیرۆکەکەی بەدەوریدا دەسوڕێنەوە، لە ڕێگەی وەسفەوە بە شێوە و ڕوخساری ئاشـنا دەبین و ڕەوشــت و پایەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکرێت، یاخود لە ڕێگەی وەســفی بگێڕەوەوە خەســڵەتە دەرونی و جەســـتەییەکانی دەخرێنەڕو))(حجازی، 2001: 103). ئەم پێناســـەیە گرنگی دەدات بە کاریگەری کارەکتەر لەســـەر دروســتکردنی ڕوداوەکان و لەلایەکی دیکەشــەوە ڕۆڵ و بەهای بگێڕەوەمان بۆ دەخاتەڕو لە ڕێی وەسف کردنی کارەکتەرەکانەوە، چونکە وەرگر بەهۆی ئەم وەسفەی کە ڕۆماننوس بۆ کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەی دەکات، ئاشــنای پلەو پایەی کۆمەڵایەتی دەبێت و تێڕوانین و بیرکردنەوەی ئایدۆلۆژی و ئاینی کـارەکتـەرەکـانی بۆ دەردەکـەوێـت و دەتوانێت بۆ دەرونی کـارەکتـەرەکـان شــــۆڕببێتـەوە و درک بـە هەڵچونەکانیان بکات و هەڵوێست و کاردانەوەیان بەرامبەر ڕوداوەکان بزانێت.

لە پێناســـەکی دیکەی کارەکتەردا ســـەبارەت پەیوەندیی کارەکتەر بە توخمەکانی دیکەی ڕۆمانەوە دەگوترێـــــت: ((کارەکتەر توخمێکی ســـەرەکی ڕۆمانەو ڕۆڵێکی کاریگەر لە بنیاتنانی ڕۆماندا دەگێڕێ و بەهۆیەوە ڕوداوەکان هەڵکشـــان و داکشـــان بەخۆیانەوە دەبینن، هەروەها لەگەڵ توخمە ســـەرەکییەکانی دیکەی ڕۆمانیشـــدا بە هەردو لایەنی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەوە کار لە یەک دەکەن و ڕۆمان دروســـت دەکەن))(شێخانی، 2014: 11). بەسەرنجدان لەم پێناسەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کارەکتەر دەبێتە هۆی

دەرکەوتنی سەرجەم توخمەکانی دیکەی ڕۆمان و بە یەکێک لە گرنگترین پێکهێنەرەکانی بنیاتی ڕۆمان دادەنرێت، لە هەمان کاتیشدا کارەکتەر پێویستی بە وانە بۆ دەرکەوتن و واتا بەخشین لەناو ڕۆماندا.

## تەوەری دووەم: گرنگی کارەکتەر

ڕۆمان کە ژانرێکی ئەدەبی گێڕانەوەیە، لەسەر کۆمەڵێک توخمی وەک (کارەکتەر، ڕوداو، شوێن، کات) بنیات دەنرێت، ئەم توخمانە ڕۆڵ و گرنگی تایبەتی خۆیان لە بەرهەم هێنانی دەقی ڕۆماندا هەیە. هەریەک لەو توخمانەش ئەرکی دیاریکراویان هەیە و بەهۆی پەیوەندییان بەیەکترییەوە پرۆسەی گێڕانەوە دێننەکایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕۆڵەی کارەکتەر لەناو پرۆسەی گێڕانەوەی ڕۆماندا دەیگێڕێت لە توخمەکانی دیکەی ڕۆمان گرنگتر و کاریگەرترە، ((چونکە کارەکتەر سەرچاوەی هزر و بواری ئەو ماناو واتانەیە کە ڕوداوەکان بەدەوریدا دەخولێنەوە بەوەی لەناو ڕۆماندا هزرو ماناو واتاکان تەنیا لە ڕێگەی کارەکتەرەوە بەرهەم دێن))(عومەر، 2015: 21).

کارەکتەر وەکو توخمێکی گرنگ و کارا و دروست کردنی کاریگەری لەسەر توخمەکانی (ڕوداو، شوێن، کات...) لەناو ڕۆماندا، بایەخێکی زۆری لە لایەن ڕۆماننوسانەوە پێدەدرێت بە مەبەستی خستنەڕوی بۆچون و تێڕوانینە جیاوازەکان دەربارەی بابەتێک یاخود کێشەیەک، هەروەها پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ توخمەکانی دیکەی ڕۆماندا هەیە و بەهۆی کارەکتەرەوە گرنگی و بایەخیان لە ڕۆماندا دەردەکەوێت، بۆیە کارەکتەر بە پردی پەیوەندی نێوان سەرجەم توخمەکانی دیکەی ڕۆمان دادەنرێت، ((ئەگەر هەریەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی دەقی ئەدەبی پەیوەندی بە ئەوی ترەوە هەبێت، ئەوا کارەکتەر پەیوەندی بە هەموویانەوە هەیە و گۆڕان و مانەوە و تەنانەت هەستکردن بە بونیان لە کارەکتەرەوە سەرچاوە دەگرێ))(حاجی، 2009 : 173). واتە کارەکتەر دەبێتە ڕایەڵی پەیوەندی سەرجەم توخمەکانی ڕۆمان و بەبێ بونی کارەکتەر لە ڕۆماندا توخمەکانی دیکە واتا نابەخشن.

پەرۆشی مرۆڤ بۆ ناسینی خۆی و کەسانی چواردەوری لە ژیانی ڕۆژانەدا لە لایەک، کاریگەری هۆکارەکانی وەک (فلیم، دراما و ڕاگەیاندن...) لەلایەکی دیکەوە، وادەکەن مرۆڤ زیاتر گرنگی بە کەسایەتییە سەرنج ڕاکێش و کاریگەرەکانی ناو کۆمەڵگا بدات بەهۆی شێوازی قسەکردن، کاروکردەوەو بیرکرکردنەوەکانیانەوە یاخود بەهۆی پێگەی (ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئاینی ... هتد)، ڕۆمانیش ((دەقێکە یارمەتیمان دەدات باشتر لەخۆمان و دەوروبەرمان تێبگەین، هۆشیاریمان فراوان دەکات، ڕێگەچارەی کێشەو گرفتەکانمان پیشان دەدات، وامان لێدەکات پەی بە هەڵەو ڕاستییەکانی خۆمان ببەین و بەدوای جیهانێکدا بگەڕێین جوانترو شیاوتر لەوەی کە تێیدا دەژین))(ئەڵوەنی، 2017: 75)، ئەمەش بەهۆی

بیرکرنەوەو هەڵوێســـت وەرگرتن و هەڵســـوکەوتی کارەکتەرەکانەوە بە خوێنەر دەگات، بۆیە ڕۆماننوســـی ســــــەرکەوتوش بۆ ئەوەی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەی ببنە جێگای ســــــەرنج و لە بیری خوێنەراندا بمێننەوە، هەوڵدەدات بە باشــترین شــێوە کارەکتەری ڕۆمانەکەی بنیات بنێت و بەهەمان شــێوەی کەســانی ژیانی واقیعی گەشــــەبکەن و هەڵوێســـــت بنوێنن، چونکە ((کارەکتەر یەکەم پێکهاتەیە کە خوێنەر دەیبینێ و ســــــەرنجی دەخاتە ســــــەر، تا کۆتایی ڕۆمانەکە لەگەڵ کارەکتەر دەمێنێتەوە))(نەجمەددین، 2022: 61)و چاودێری دەکات بۆ ئەوەی زیاتر بە ڕەهەندو تێڕوانینەکانی ئاشنا بێت.

## بەشی دوەم: بەراوردی بنیاتی کارەکتەر لە هەردو ڕۆمانەکەدا

### تەوەری یەکەم: لێکچون و جیاوازی لەڕوی ڕۆڵەوە

ڕۆڵی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان، بەپێی ئەو کاریگەریەی هەیانە لەســــــەر بەرەوپێشـــــچون ڕوداوەکان و دەرخســــــتنی مەبەســــــت و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە دەردەکەوێت، چونکە هەمو کارەکتەرەکان لەناو ڕۆماندا وەکویەک ڕۆڵیان نییە. بە واتایەکی دیکە زۆری و کەمی دەرکەوتنی کارەکتەرەکان، کاریگەری لەســــــەر ڕۆڵیان نابێت، بەڵکو ئەو ئەرکەی کارەکتەرەکان لەناو ڕۆماندا دەیگێڕن و بەگوێرەی ڕێژەی بەشداریبونیان و کاریگەریان لە بەرەوەپێش بردنی پرۆســـەی گێڕانەوەکە ڕۆڵیان لە ڕۆمانەکەدا، دەســـتنیشـــان دەکرێت. بۆیە کارەکتەرەکانیش بەگوێرەی بەشـــــدارییان لە ڕوداوەکاندا و ئەو ئەرکەی پێیان دەســـــپێرێت بەســـــەر کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەری لاوەکی دابەش دەکرێن:

### 1- ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی

کارەکتەری ســــەرەکی ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لەبەرەو پێش بردن و هەڵســـوڕاندنی ڕوداوەکاندا هەیە، ((ناوەندی ڕۆمان پێکدەهێنێ و کاردەکاتە ســەر ڕێڕەوی ڕوداوەکان و هەڵســوکەوتەکانی کار دەکاتە ســەر ژیانی کارەکتەرەکانی دیکە و بەمەش ڕەوتی سەرەکی بەسەرهاتەکان بەرەو پێش دەچن))(ئەلوەنی، 2009: 43). ڕۆڵی کارەکتەری ســـەرەکیش لە ڕۆماندا بەوە دەناســـرێتەوە ڕێژەی بەشـــداریکردن و هێز و توانای لەناو ڕوداوەکاندا بە بەراورد بە کارەکتەرە لاوەکییەکان زیاترە و لە لایەن ڕۆماننوسەوە ئەرکێکی زیاتر و بنەڕەتی کارەکەی پێدەســــپێرێت و دەبێتە خولگە و چەقی گێڕانەوەکە و ئامادەیی بەردەوامیشـــــی لەناو ڕوداوەکاندا هەیە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کارەکتەری سەرەکی بەهۆی ئەو پێگەیەی لەناو ڕۆماندا هەیەتی بە تەنیا دەتوانێت ڕوداوەکان بەرەوپێشــــــەوە ببات و ژیان و تێڕوانین و ڕەهەندە جیاوازەکانی خۆی بۆ خوێنەر ئاشـــــکرا بکات، بەڵکو دەبێت پەیوەندی لەگەڵ کارەکتەری دیکەش دروســــــت بکات بۆ ئەوەی هەڵوێست و کاردانەوەی بەرامبەر ڕوداوەکان بۆ خوێنەر ڕونببێتەوە.

کارەکتەری سەرەکی ((هەروەک چۆن کاریگەری بۆسەر ڕوداوەکان هەیە بە هەمان شێوە خۆشی ملکەچی ڕوداوەکان دەبێت و کاری تێدەکەن و بەهۆی ئەو کارتێکردنەوە لە ڕوی هزری و دەرونییەوە بەرەو پێش دەچێت و گەشەدەکات))(عەبدوڵلا، 2000: 10)، ئەمەش وا لە ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی دەکات لەگەڵ هەر ڕوداوێکدا خاوەن بۆچون و تێڕوانینی خۆی بێت و هەڵوێستێکی جیاواز لەکارەکتەرەکانی دیکە پێشانبدات بۆ ئەوەی لە پرۆسەی گێڕانەوەدا وەک کارەکتەری سەرەکی بمێنێتەوە.

لە ڕۆمانی (ئابشۆران)دا، کارەکتەری سەرەکی (ئەشرەف)ە، ڕوداوەکان لە دەوری ژیان و بەسەرهاتی ئەم کارەکتەرە دەسوڕێنەوە، کاریگەری لەسەر ڕوداوەکان هەیە و تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەردەوام لە جوڵدایە و ڕوداوەکان بەرەو پێشەوە دەبات. ڕۆماننوس لە ڕێگەی بگێڕەوەی هەمانشتزانەوە باسی بارودۆخی ژیان و هیواو ئاواتەکانی ئەم کارەکتەرە تا گەیشتنی بە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی دەکات.

لە ڕۆمانی (کۆردەرە)دا، ئەکبەر کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە و ڕوداوەکان لە ددەوروبەری ژیانی ئەم کارەکتەرەدا دێن و دەچن. ڕۆماننوس لە ڕێگەی بگێڕەوەی هەمانشتزانەوە ژیان و بەسەرهاتی قۆناغە جیاجیاکانی ئەم کارەکتەرە، هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بەشی ئەندازیاری لە دەرەوەی وڵات و پێکهێنانی خێزان و مردنی دەگێڕێتەوە. لە دو بەشی کۆتایی ڕۆمانەکەدا (شەماڵ) ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی دەبینێت، بگێڕەوە لە زاری ئەم کارەکتەرەوە، چۆنیەتی یەکتر ناسینی شەماڵ و (ئەڵوەندا)ی کچی ئەکبەر دەگێڕێتەوە، ئەم یەکترناسینەی شەماڵ و ئەڵوەندا دەبێتە هۆی ئەوەی یاداشتنامەی ئەکبەر دوای مردنی بە چاپ بگەیەنرێ و بڵاوبکرێتەوە.

لە ڕۆمانی ئابشۆراندا بگێڕەوەی هەمانشتزان لە گۆشەنیگای کارەکتەری سەرەکییەوە باسی نالەباری بارودۆخی ژیانی دانیشتوانی گەرەکی (ئابشۆران) دەکات، کە دەکەوێتە خوارووی شاری کرمانشان و شوێنی نیشتەجێبونی خەڵکی کەمدەرامەتە. بگێڕەوە ئەو بارودۆخە خراپەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بەهۆی باران بارینی سەرەتای بەهار و کۆتایی پاییزەوە بەسەریاندا دێت. بەهۆی باران بارینی بەلێزەمەوە لەم دو کاتەدا، ئاو لە گەڕەکەکانی سەرەوەی شار کۆدەبێتەوە و هەرچی زبڵ و خاشاک و پیسییە لەگەڵ خۆی بەرەو ماڵەکانی دانیشتوانی لێواری ئابشۆران دەهێنی و ئاو دەچێتە ناو ماڵەکانیانەوەو توشی مەینەتی و ناڕەحەتی زۆر دەبنەوە، بەڵام کاریگەری لەسەر ئەو ماڵ و گەڕەکانە نابێت کە دانیشتوانی ژیانێکی خۆشیان هەیە، بگێڕەوە لە زاری کارەکتەری سەرەکییەوە ئەو ڕوداوەمان بۆ دەگێڕێتەوە: ((سەرەتای بەهار و کۆتایی پایز کە ئاسمان هەوری ڕەشی دەپۆشی، باوکم لەناو ژورەکەوە دەیناڵاند: (خوایە غەزەبی خۆتمان لێ دورخەوە). بەڵام خوا گوێی بە قسەکانی باوکم نەدەدا، لافاو دەهات. تورە دەبو. ڕایدەماڵی و دەرۆیشت. کەفی دەکرد. پردە لە دار دروستکراوەکانی دەبرد، زیانی بە خانوەکانی سەرەوەی شار

نەدەگەیاند کە لە بلۆک و خشت دروست کرابون. بەڵام کە دەگەیشتە لای ئێمە داخی دڵی خۆی بە ئێمە بە تاڵ دەکردەوە))(درویشــیان، 1386: 1). ڕۆماننوس، بگێڕەوەی هەمانشــتزانی (جێناوی من) بەکارهێناوە بۆ گێڕانەوەی ڕوداوەکان بۆ ئەوەی خوێنەر واهەســت بکات ئەو ڕوداوانە لە ژیانی ڕاســتەقینەدا ڕویانداوە، لە کاتێکدا بەکارهێنانی ((من)ی حەکایەتخوانی هەمانشــتزان، گەمەیەکی هونەرییە و بەکارهێنانی بۆ ئەوەیە کە خوێنەر وابزانێت بەسەرهاتی ڕاستەقینەی چەند کەسێکی واقیعی بۆ دەگێڕدرێتەوە. هەروەها بۆ ئەوەیە کە هەستی هاوشێوەیی یان هاوجۆری لە نێوان خوێنەر و کارەکتەردا دروست بکات))(ئەلوەنی، 2015: 24).

بەهەمان شێوە لە ڕۆمانی (کۆردەرە)دا، بگێڕەوەی هەمانشتزان لە ڕوانگەی کارەکتەری سەرەکییەوە باسی نالەباری بارودۆخی ژیانی دانیشتوانی گەرەکی (تۆڵە فرۆش) دەکات، کە دەکەوێتە خوارووی شاری خانەقین و شــوێنی نیشــتەجێبونی خەڵکی کەمدەرامەتە. بگێڕەوە ئەو بارودۆخە خراپەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بەهۆی باران بارینی ســەرەتای بەهار و کۆتایی پاییزەوە بەســەریان دێت: ((ســەرەتای بەهارو دوا دوایی ی پایز هەوری ڕەشــی چڵکن و ڕق هەســتاو بە تاو ڕوخســاری ئاســمانی دادەپۆشــی .... باوکم خەیاڵ دەیبردەوە، دەستی بەرەو ئاسمان بەرز دەکردەوەو دەیناڵاند ...!!

(خودایا غەزوت دور خەرەوە)

خودا خودا بو، کێوی خۆی بو،بەفری تێ دەباراند، هەرچی بە چاک بزانیایە دەیکرد. لافاو دەهات ... کەفی دەچەراند... هاژەو هوژەی دەکردو دەی نەڕاند، بەو هەمو نرکاندنەوە لە ئاســتی خانوی بەردین دا هێندەی لە دەســت نەدەهات، بەڵام کە دەگەیشــتە مۆڵگەی ئێمە، ئیتر ڕق و کینەی خۆی بە ئێمە دەرژاند ...!!))(جاف، 1898: 5).

لە ڕۆمانی (ئابشـــوران)دا، ڕۆماننوس لە ڕێگەی کارەکتەری ســـەرەکییەوە، ئەو جۆرە کەســـانەمان پێدەناسێنێت، کە بە ڕێگە خراپ و نادروست سەروەت و سامان کۆدەکەنەوە و بەزەییان بە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت نایەتەوە و ویژدانیان مردوە: ((باوکم دەیگوت قوبادخان سـەرەتا شـوان بو، پاشـان دوکانی قەســـابی کردوەتەوە، دوکانەکەی لەژێر کاروان ســـەرای مەلا عەباس عەلی بوە، مەڕی دەکڕیوەو دەفرۆشــتەوە. چەند شــەو پێش فرۆشــتنی مەڕەکان خوێی دەدان، بەڵام ئاوی نەدەدان تا کاتی فرۆشــتن. دواتر مەڕە تینوەکانی ئاو دەدا تا قورســـتربن))(درویشـــیان، 1386: 1). ڕۆمانوس، کارەکتەری ســـەرەکی کردوەتە ناوەندی زانارییەکانی بگێڕەوە، واتە زانیارییەکانی بگێڕەوە یەکســـانە بەو زانیاریانەی کارەکتەری ســـەرەکی. بگێڕەوە هیچ ڕوداو و زانیارییەکمان بۆ ناگێڕێتەوە و پێ نادات، کە کارەکتەری ســـەرەکی

ئاگاداری نەبێت یاخود لە کارەکتەرێکی دیکەوە نەیبیستبێت، لەم نمونەیەدا کارەکتەری سەرەکی بەهۆی باوکییەوە ئەم زانیارییانەی دەستکەوتوە.

هەر بەم شێوەیەش لە ڕۆمانی (کۆردەرە)دا، نوسەر لە ڕێگەی کارەکتەری سەرەکییەوە، ئەو جۆرە کەسانەمان پێدەناسێنێت، کە بە ڕێگە ساختەکارییەوە سەروەت و سامان کۆدەکەنەوە و باکیان بە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت نییە، بگێڕەوە لەزاری کارەکتەری سەرەکییەوە زانیاریمان دەربارەی کەسێک بەناوی فتح الله پێدەدات: ((باوکم دەیوت: فتح الله پێش ئەوەی ببێت بە قەساو، شوانی خەڵک بو، بە شوانێکی دزو نامەردیش ناسرابو، وردە، وردە مالاتی سەندوەو فرۆشتویەتی، چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی بیان فرۆشێت. خوێ یەکی زۆری بەو ئاژەڵە بەسەزمانانە ئەداو ئاوی لێ دەبڕینەوە، .. تا ڕۆژی فرۆشتن ئاوی ئەخستە بەر مالاتی تینوی خنکاو تا لە فرۆشتنا قورستر بن !! .))(جاف، 1989: 28).

بگێڕەوە لە ڕۆمانی (ئابشۆران)دا، تا ئەو کاتەی کارەکتەری سەرەکی دەچێتە خوێندنی قۆناغی ئامادەیی، ژیان و بەسەرهاتی دەگێڕێتەوە. نوسەر چارەنوسی کارەکتەری سەرەکی بەکراوەیی بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت، دوای ئەوەی باوکی ئەشرەف بەهۆی فرۆشتنی تریاکەوە دەگیرێت و زیندانی دەکرێت، وەکو کوڕە گەورەی خێزانەکە ئەرکی قورستر دەبێت و ناچار دەبێت هاوینان وەک منداڵی خێزانە هەژارەکان کرێکاری بکات، بەڵام بەهاوکاری دایکی قۆناغی سەرەتایی بەسەرکەوتوی دەبڕێت، بەهۆی پێداگری دایکی و نمرە باشەکانی قۆناغی ناوەندیی لە قۆناغی ئامادەیی وەردەگیرێت: ((یەکەم ساڵم بو لە ئامادەیی، ناو نوسین دەستی پێکردبو. هێشتا دەستەکانم برینی بێڵکاری پێوە مابو. فایلەکەم خستبوە ژێر باڵمەوە. پێنج ڕۆژی تەواو لەگەڵ دایکم لەبن دیواری قوتابخانەی ڕازی خوار بازاری مسگەرەکان دانیشتین. ناویان نەدەنوسیم. چونکە واستەم نەبو. دەیان گوت جێگامان نییە))(درویشیان، 1386: 108).

کەچی لە ڕۆمانی (کۆردەرە)دا، بگێڕەوە بەسەرهات و ژیانی کارەکتەری سەرەکی (ئەکبەر) تا تەواوکردنی خوێندن و پێکهێنانی خێزان و مردنی دەگێڕێتەوە. دوای ئەوەی باوکی ئەکبەر بەهۆی مامەڵەکردنی بە کەلوپەلی قاچاخەوە دەگیرێت و شەش ساڵ زیندانی دەکرێت، ئەکبەر وەکو گەورەی ماڵ دەست بە ئیش کردن دەکات، و ڕۆژێک دەچێت بۆ ئیش و ڕۆژێکیش بۆ قوتابخانە، سەرئەنجام بەهۆی زیادبونی ڕۆژانی ئامادەنەبونی لەقوتابخانە دەریدەکەن، پاشان دەبێتە شاگردی خالۆ حوسێنی شوفێر، دواتر بەهۆی پشتگیری و هاندانی لە لایەن مامۆستا هۆشیارەوە تاقیکردنەوەی دەرەکی دەکات و قۆناغی ناوەندی دەبڕێت، بەهۆی گواستنەوەی نامەی نهێنی لە نێوان مامۆستا هۆشیار و عەلی فەرمان دەگیرێت و دو ساڵ زیندانی دەکرێ و ساڵێکیش لەژێر چاودێری پۆلیسدا دەبێت، پاش ئازادبونی دوکانێکی کتێب فرۆشی دەکاتەوە و لە ڕێگەی مەنیژەوە پەیوەندی بە هاوڕێیانی حیزب دەکاتەوە، دواتر تاقیکردنەوەی شەشی

ئامادەیی دەكات و بۆ خوێندن ڕو لە دەرەوەی وڵات دەكات، سەرەتا دەچێتە ڕۆمانیا، پاشان ئەڵمانیا، هەر لەوێش لەگەڵ هاوپۆلێكی كە خەڵكی ئیسپانیایە هاوسەر گیری دەكەن و منداڵێكیان دەبێت ناوی لێدەنێن ئەلۆەندا، دوای تەواوكردنی خوێندنەكەیان لەگەڵ هاوسەرەكەی بڕیار دەدەن لە ئیسپانیا نیشتەجێ بن و دەست بەكاركردن بكەن: ((بەرەو ئەڵمانیا بەڕێ كەوتم ... ترسم لێ نیشتبو توشی دژواری و سەختی زۆر ببم، بە پێچەوانەوە بێ هیچ گرفتاری یەک بە ئاسانی لە (داخلی) زانكۆدا جێگەم كرایەوەو لە پۆلی زمانی ئەڵمانی دا ناو نوس كرام و سەخت خۆم بە فێربونی زمانی ئەڵمانی یەوە خەریک كرد... دوای شەش مانگ هاتوچۆی پۆلی زمان و زمان فێربون، بۆ یەكەمین جار لەسەر تەختەی كلاسی ڕشتەی (مەعماری) دانیشتم...))(جاف، 1989: 208).

بە وردبونەوە لەم نمونانە، خاڵە لێكچونەكانی كارەكتەری سەرەكی هەردو ڕۆمانەكە ئەوەن، كە لە خێزانێكی هەژار و كەمەدەرامەتن و لە گەڕەكێكی هەژارنشین نیشتەجێن، هەروەها لە هەردو ڕۆمانەكەدا كارەكتەری سەرەكی ناوەندی زانیارییەكانی بگێڕەوەن، واتا بگێرەوە لە ڕوانگەی كارەكتەری سەرەكییەوە ڕوداوەكان دەگێڕێتەوە.

كارەكتەری سەرەكی لە ڕۆمانی كوردەرەدا، تا تەواوبونی بەشی دوازدەیەمی ڕۆمانەكە هەمان هەڵسوكەوت و بیركردنەوەی كارەكتەری سەرەكی ڕۆمانی ئابشۆرانی هەیە، جیاوازییەكەشیان لەوەدا دەردەكەوێت، كە بگێڕەوە لە ڕۆمانی ئابشۆراندا ژیان و بەسەرهاتی كارەكتەری سەرەكی تا گەیشتنی بە قۆناغی ئامادەیی دەگێڕێتەوە، بەڵام لە ڕۆمانی كوردەرەدا بگێڕەوە قۆناغ بە قۆناغ ژیان و بەسەرهاتی كارەكتەری سەرەكی تا تەواوكردنی خوێندن و پێكهێنانی خێزان لە دەرەوەی وڵات و هەروەها تا مردنی دەگێڕێتەوە.

## 2- ڕۆڵی كارەكتەری لاوەكی

مەبەست لە كارەكتەری لاوەكی ئەو كارەكتەرانەن ڕێژەی ئامادەیی و بەشدارییان لەناو پانتایی ڕوداوەكاندا بە بەراورد بە كارەكتەری سەرەكی كەمترە و دەتوانرێت هەندێكجار كارەكتەرێكی لاوەكی لە گێڕانەوەكە (چیرۆكەكە) لاببرێت یاخو گۆڕانكاری لە كردەوەو ڕۆڵیدا بكرێت بێ ئەوەی كاریگەریی نەرێنی لەسەر دەرخستن و ئاشكراكردنی لایەنێک لە لایەنەكانی كارەكتەری سەرەكی هەبێت، ((ئەمەش مانای وانییە كە ڕۆماننوس لە بنیاتی هونەریی ئەماندا كەم بایەخی بكات، بەڵام كەمتر لە ڕوداوەكاندا بەشدارییان پێ دەكات))(ئەلۆەنی، 2009: 56).

ئەگەرچی کارەکتەرە لاوەکییەکان ((لەخزمەت کارەکتەرە سەرەکییەکاندا دەبن و ڕۆشنایی زیاتر دەخەنە سەر ژیان و ڕەفتار و هەڵوێستەکانی ئەوان))(حاجی، 2009: 174)، بەشداریش دەبن لە بەرەو پێش بردن و ڕودانی ڕوداوەکان و هانی کارەکتەری سەرەکی دەدەن لە مانەوە و بەردەوامبونی لەناو ڕوداوەکاندا، بە واتایەکی دیکە کاتێک کارەکتەری سەرەکی توانای ئەنجامدانی کاروکردەوەیەکی نابێت، کارەکتەری لاوەکی دەبێتە هاندەرو ڕێگە خۆشکەر بۆ کارەکتەری سەرەکی بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکە، چونکە کارەکتەری سەرەکی بەبێ یارمەتی و بەریەککەوتنی لەگەڵ کارەکتەرە لاوەکییەکاندا ناتوانێت بە تەنیا ببێتە هۆی ڕودانی ڕوداوەکان، بەمەش هەڵوێست و کاردانەوەی کارەکتەری سەرەکیمان بەرامبەر ڕوداوەکان بۆ دەرناکەوێت، ((چونکە ئەوە کارەکتەرە لاوەکییەکانن کە هانی کارەکتەری سەرەکی دەدەن بەرامبەر کردار و گوفتارەکانیان کاردانەوەیان هەبێت و لەگەڵیاندا هاوهەڵوێست یان دژە هەڵوێست بن))(شێخانی، 2014: 39).

لە ڕۆمانی (ئابشۆران)دا، کارەکتەرە لاوەکییەکانی خێزانی کارەکتەری سەرەکی بریتین لە (دایک و باوک و براکانی ئەشرەف(کارەکتەری سەرەکی)، خاڵە موسی، بی بی (داپیرە)، مامە پیرە(مێردی داپیرە)). ئەم کارەکتەرانە ڕۆڵیان لە ڕوداوەکاندا هەیە و بە شێکی دیارن لە ژیانی کارەکتەری سەرەکی و بەشدارییان لە ڕوداوەکان لە کارەکتەرە لاوەکییەکانی دیکە زیاترە. کارەکتەرە لاوەکییەکانی دەرەوەی خێزانی کارەکتەری سەرەکی بریتین لە (مندالانی گەڕەک، مامۆستای سرود، عەباس، کیومەرس، مامۆستای دارشتن، مامە حەیدەر)، هەریەک لەم کارەکتەرانە، کەمترین بەشدارییان لە ڕوداوەکاندا هەیە.

لە ڕۆمانی (کۆردەرە)دا، ڕێژەی کارەکتەرە لاوەکییەکان بە بەراورد بە ڕۆمانی ئابشۆران زیاترن، هەریەک لەم کارەکتەرانە بەپێی بەشدارییبونیان لە ڕوداوەکاندا ڕۆڵی گرنگ لە ئاشکرا کردنی هەڵوێست و کاردانەوەی کارەکتەری سەرەکی بەرامبەر بە ڕوداوەکان دەبینن، هەروەها دەبنە هاندەرو یارمەتیدەری کارەکتەری سەرەکی لە بە ئەنجامگەیاندنی ئەو کارانەی کە کارەکتەری سەرەکی ناتوانێت بەبێ ئەوان ئەنجامیان بدات.

کارەکتەرە لاوەکییەکانی ڕۆمانی کۆردەرە، بە هەمانشێوەی کارەکتەرە لاوەکییەکانی ڕۆمانی ئابشۆران، لە کارەکتەرە لاوەکییەکانی ناو خێزانی کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەرە لاوەکییەکانی دەرەوەی خێزانی کارەکتەری سەرەکی پێکدێن.

لە ڕۆمانی ئابشۆراندا، کارەکتەری دایک، کارەکتەرێکی لاوەکییە. وەک هەردایکێکی خەمخۆر و دڵسۆزی جگەرگۆشەکانی لە خەمی منداڵەکانیدایە، سەرەڕای ڕاپەڕاندنی کاروباری ماڵ و پەروەردەکردنی

منداڵەکانی، کاری جل شـــۆری ماڵان و کڵاش چنین و بەرگدوری دەکات. دوای گیرانی هاوســـەرەکەی بەهۆی تریاک فرۆشــتنەوە، ئەرکی ســەرشــانی دایک قورســتر دەبێت و ناچار دەبێت بۆ بە دەســتهێنانی بژێوی خیزانەکەی کاری زیاتر بکات: ((کاری بەرگدوریش کەم ببو. دایکم دوبارە پێداویســتی کڵاش چنینی لە بازاڕ دەهێنایەوە، بەڵام هێشتا بەشی بژێوی ژیانی نەدەکردین))(درویشیان، 1386: 112).

کارەکتەری دایک، لە ڕۆمانی کۆردەرەدا، بەهەمان شـــێوەی کارەکتەری دایک لە ڕۆمانی ئابشـــۆراندا، لەخەمی منداڵەکانیدایە، سەرەڕای جێبەجێکردنی کاروباری ماڵەوە، ئیشی جڵ شۆری ماڵان و کڵاش چنین و بەرگدوری دەکات. دوای گیرانی هاوسەرەکەی ناچار دەبێت لەپێناو دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەی کاری زیاتر بکات: ((کارو کاسبیی دالگەش چەرخی درومانەکەی بو ئەویش کەوتبوە کەسادەوە... بە ناچار دو بارە کڵاش چنینی دەست پێ کردەوە))(جاف، 1989: 89).

کارەکتەری دایک لە ڕۆمانی ئابشــۆراندا، لە پێناو منداڵەکانی ئامادەیە ڕوبەڕوی هەمو ئازار و ناڕەحەتی و دەردەسـەرییەک ببێتەوە، بۆ ئەوەی منداڵەکانی وەکو خۆی لە ژیانێکی کولەمەرگیدا نەژین و خوێندن تەواو بکەن. بگێڕەوە هەڵوێســـتی کارەکتەری دایکمان بۆ دەخاتەڕو، کاتێک هاوســـەرەکەی ڕێگری دەکات منداڵەکانی بۆ قوتابخانە بچن: ((تۆ غەمت نەبێ، من ئەگەر ســـواڵیشـــم کردبێت لێناگەڕێم منداڵەکانم نەخوێندەوار بن، وەکو من بەدبەخت بن. توخوا لێیان گەڕێ ئەمڕۆش بۆ قوتابخانە بچن. هاوینانیش فێری ئیش کردن دەبن))(درویشـیان، 1386: 106). لەم نمونەیەدا ئەگەر پاڵپشــتی و یارمەتی کارەکتەری لاوەکی دایک نەبا کارەکتەری سەرەکی بەهۆی بەرهەڵستییەکانی باوکی نەیدەتوانی لە خوێندن بەردەوام بێت.

هەر بەو شـــێوەیەش لە ڕۆمانی کۆردەرەدا، کارەکتەری دایک بەرهەڵســـتی مێردەکەی دەکات کاتێک هاوســـــەرەکەی ناهێڵێت منداڵەکانی بۆ قوتابخانە بچن. کارەکتەری دایک دەبێتە هۆکاری بەردوام بونی کارەکتەری ســـەرەکی لە تەواوکردنی قۆناغی ســـەرەتایی: ((تو تەمام ئیمام گەل... بیلە بچنە مەدرەســـە، تو کارت نەوت... خۆم ئەرایان زەحەمەت کیشم... تاوسانان کارو سەنعەت فێر ئەون با بچنە مەدرەسە... جور ئێمە بەدبەخت و بێچارە ...بیلیان بانەوەنە نوکەرو کولفەت مەردم...!!.))(جاف، 1989: 80)، بەڵام کارەکتەری سـەرەکی (ئەکبەر) بەهۆی پاڵپشـتی و هاندانی کارەکتەری لاوەکی دیکەوە، قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی و بەکالۆریۆسیش تەواو دەکات.

مەنیژە و عەلی فەرمان دو کارەکتەری لاوەکین، ئەندامی حیزبێکن. یارمەتی کارەکتەری سەرەکی (ئەکبەر) دەدەن بۆ ئەوەی لە دەرەوەی وڵات بەردەوامی بە خوێندنەکەی بدات. بەهۆی ئەوەی کارەکتەری سـەرەکی ڕێگیری لێدەکرێت وەکو قوتابییە یەکەمەکانی عێراق بچێت لە دەرەوە بخوێنێت بە بیانوی نەبونی ناســنامە،

ئەم دو كارەكتەرە یارمەتی دەدەن و بە هاوكاری هاوڕێیانی حیزب، ناسنامە و پاسپۆرتی ساختەی بۆ دروست دەكەن: ((مەنیژە گوزەرنامەییێكی بۆ هێنام بە ناوی ڕشید مجید عبداللەوە بە دیتنی پەڕەكانی گوزەرنامەو وێنەی خۆم و ناوێكی كە هەستم بە هیچ بون دەكرد، وا بێ ئەوەی حەز لەو ناوە بكەم ناوێكی تریان لێ ناوم و بوم بە ئادەمێكی تر...!))(جاف، 1989: 173). نوسەر بۆ بەردەوامی دان بە گێرانەوەی ژیان و بەسەرهاتی كارەكتەری سەرەكی، پێویستی بە كارەكتەری لاوەكی دەبێت بۆ جێبەجێ كردنی كارو پێداویستییەكانی كارەكتەری سەرەكی، چونكە كارەكتەری سەرەكی لە هەمو بارودۆخێكدا توانای بەرەوپێش بردنی ڕوداوەكانی نییە. ئەكبەر وەكو كارەكتەری سەرەكی ناتوانێت بۆ تەواوكردنی خوێندن لە دەرەوەی وڵات هیچ كارێك بكات، بۆیە ڕۆماننوس بۆ درێژەدان بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەكبەر پێویستی بە كارەكتەرە لاوەكییەكانی وەك مەنیژە و عەلی فەرمان دەبێت.

بە خستنەڕوی نمونەكان ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كارەكتەری لاوەكی دایك لە ڕۆمانی كۆردەرەدا خاوەن هەمان هەڵوێست و كاروكردەوەی كاركتەری لاوەكی دایكی ڕۆمانی ئابشۆرانی هەیە، جیاوازیشیان لەوەدایە كە كارەكتەری دایك لە ڕۆمانی ئابشۆراندا تا تەواوبونی ڕۆمانەكە لە هەمان بارودۆخی سەختی ژیاندا دەمێنێتەوە، بەڵام لە ڕۆمانی كۆردەرەدا بارودۆخی ژیانی كارەكتەری دایك گۆڕانكاری بەسەردا دێت، لە ژیانی هەژاری و كولەمەرگی ڕزگاری دەبێت.

## تەوەری دوەم: لێكچون و جیاوازی لەڕوی پێكهاتەوە

بنیاتی هەر كارەكتەرێك لەڕوی پێكهاتەوە بە پێی ئەو تێڕوانین و تایبەتمەندییانە دەستنیشان دەكرێت كە لە ناو ڕۆماندا هەیەتی. سروشتی بنیاتی كارەكتەرسازی ڕۆمان وا دەخوازێت كە بنیاتی كارەكتەرەكان لەڕوی پێكهاتەوە لەیەكتری جیاوازبێت، لە ئەنجامی ئەم جیاوازیەشدا خوێنەر هەست بە تێڕوانین و تایبەتمەندیی كارەكتەرەكان دەكات و سەرنجی ڕادەكێشێت و بەردەوام دەبێت لە خوێندنەوەی ڕۆمانەكە بۆئەوەی بە هەڵوێست و تێڕوانینی كاركتەرەكان ئاشنابێت. ڕەخنەگر و توێژەرانی بواری ڕۆمان كارەكتەریان لە ڕوی پێكهاتەوە بەسەر دو جۆردا دابەشكردوە، ئەوانیش كارەكتەری پەرسێن و كارەكتەری پەرەنەسێنن:

### 1- پێكهاتەی كارەكتەری پەرەسێن:

كارەكتەری پەرەسێن خاوەن بنیاتێكی فرە ڕەهەندە، ڕۆمانوس بە یەكجار هەمو لایەن و ڕەهەندەكانی ناخاتەڕو، بەڵكو ڕۆماننوس لەگەڵ ڕودانی ڕوداوەكاندا هەڵوێست و تێڕوانینەكانی ئاشكرا دەكات. ئەم جۆرە كارەكتەرە بەهۆی كاریگەریی ڕوداوەكان لەسەری ((قۆناغ بە قۆناغ گەشە دەكا و خوێنەر ناتوانێت

بەئاسانی لەیەکەم هەنگاوی ناسینیەوە بڕیار لەسەر چارەنوسی بدات))(ئەلۆوەنی، 2009: 73)، بەڵکو خوێنەر لەگەڵ بەرەوپێشچونی ڕوداوەکان هەست بەو گۆڕانکارییانە دەکات، کە بەسەر هەڵوێست و تێڕوانینەکانیدا هاتوە، ((گۆڕانکارییەکە ڕەنگە گشـــتگیر یان لایەنێک لە لایەنەکانی بێت، جا ئەرێنی یان نەرێنی بێت، بەڵام گۆڕانکارییەکە گرنگ و بنەڕەتییە، نەک هەندێک گۆڕانکاری لاوەکی لە هەڵســـوکەوت و بۆچوندا))(165: Arp and Johnson ،2006).

کارەکتەری پەرەســێن بەهۆی کاردانەوەی یاخود ((بونی گیانی بەربەرەکانی ... بەرامبەر بەو پێشـــهات و ململانێ و گرفتانەی لەلایەن کارەکتەرەکانی دیکەی ناو ڕۆمانەوە ڕوبەروی دەبێتەوە))(عومەر، 2015: 42)و هەڵوێســـت بەرامبەر ڕەفتار و بیرکردنەوە باوەکانیان وەردەگرێت و بۆچونێکی جیاواز دەنوێنێت کە لەگەڵ بۆچونی کارەکتەرەکانی دیکە جیاواز بێت، بەمەش خوێنەر توشی سەرسوڕمان دەکات.

لە ڕۆمانی ئابشــۆراندا، ئەشــرەف کارەکتەرێکی پەرەســێنە. بنەماڵەی ئەم کارەکتەرە بیروباوەڕێکی ئاینی دواکەوتویان هەیە. ڕۆماننوس وەکو کەسێکی شــەڕانی و ڕق هەڵگر لە خێزانە دەوڵەمەندەکان دەیخاتەڕو، بەڵام بەهۆی ڕوداوێکەوە تێڕوانینەکانی دەگۆڕێن. خوێنەر لە بەشــی کۆتایی ڕۆمانەکەدا هەســت بە گۆڕان و پەرەســەندنی تێڕوانین و ڕەفتارەکانی دەکات. ئەشــرەف بەردەوام لەگەڵ براکانی و منداڵانی گەڕەک و ئەو منداڵانەی باوکیان خاوەن ســەروەت و ســامانن بەشــەر دێت: ((کیومەرس نامیلکەیەکی فلیمی هەبو و نەیدەهێشــت تەماشــای بکەم، لەســەر ئەوە لەگەڵی بەشــەر هاتم))(درویشــیان، 1386: 110). بەڵام بەهۆی کوژرانی (یار محمد) کە کوڕی پیرەژنێکی گەڕەکەکەیانە و یارمەتی منداڵانی گەڕەکەکەی دەدات و ئاشــنای دونیای کتێب و خوێندنەوەیان دەکات. کوژرانی (یارمحمد) وا لە ئەشـــرەف دەکات ڕقی لە شـــەڕو شـــۆڕ ببێتەوەو ببێتە کەسێکی ئاشتیخواز و لەگەڵ منداڵانی گەڕەکەکەی دەستەیەک بۆ نوسینی دروشمەکانی ئاشــتیخوازی لەســەر دیواری کۆڵانەکان و بڵاوکردنەوەیان لەناو هاوپۆلەکانی لە قوتابخانەدا پێکدەهێنێت: ((ڕوداوێک بوە هۆی ئەوەی زیاتر ڕقم لە جەنگ بێتەوەو ئاشــتیم خۆشــبوێت. دایکە کیشــوەر، پیرەژنێکی ئاوکێش بو لە کۆڵانەکەی ئێمە دەژیا و بە هەزاران دەردەســـەری یارمحەمەدی کوڕی گەیاندبوە پۆلی دوازدە، لەناو کۆڵاندا هاواری دەکرد و خۆڵ و خاکی بەســـەر خۆدا دەکرد و جنێوی بە زەوی و ڕۆژگار دەدا. یارمحەمەدیان لە شــەقامەکەدا کوشــتبو.))(درویشــیان، 1386: 116). ئەشــرف بەهۆی کاریگەری ئەم ڕوداوە لەســـەری، گۆڕانکاری بەســـەر بیروبۆچون و ڕەفتارەکانیدا دێت، لە کەســـێکی ڕق هەڵگر و شەڕانییەوە دەبێتە کەسێکی لێبوردە و ئاشتیخواز.

لە ڕۆمانی کۆردەرەدا، ئەکبەر کارەکتەرێکی پەرەســـێنە و پێکهاتەکەی گۆڕانگاری بەســـەردا هاتوە. ئەم کارەکتەرە لە بنەماڵەیەکی ئاینی پەروەردە دەبێت و هەڵگری بیروباوەڕێکی ئاینییە: ((لە ناو کیتاوی

مسـیبەت نامەدا زۆر باسـی حەزرەتی حوسـەینی تیابو... کاتێک خاڵۆ ڕەمەزان ناوی حەزرەتی حوسـەینی دەبرد ئارەزوم دەکرد بە شمشێری ڕوتەوە بڕۆمە هانایەوە))(جاف، 1989: 21). دوای ئەوەی بۆماوەی دو سـاڵ زیندانی دەکرێت، تێکەڵ بەکاری حیزبی دەبێت، گۆڕانکاری بەسـەر بیروباوەڕیدا دێت. ئەم گۆڕانکارییەش کاتێک دەردەکەوێت، کە بۆ خوێندن دەچێتە دەرەوەی وڵات، پابەندی بیروباوەڕ و بنەماکانی ئاینەکەی نابێت، وەکو کەسـێکی ئەوروپی دەژی و لەگەڵ کچە هاوڕێکەیدا وەکو ژن و مێرد دەژین بێ ئەوەی بە شێوەیەکی شەرعی هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات: ((لە ساختمانێکدا ژورێکمان پێکەوە گرت و پێکەوە زیندەگیمان دەسـت پێ کرد، بیرم لەوە دەکردەوە.. ئەگەر لە قوژبنێکەوە باوکم و خاڵۆ ڕەمەزان جۆری زیندەگانی یەکەمانیان بدیایە، وا بێ مارەو تەلاق پێکەوە دەژین چییان دەوت و چییان دەکرد...؟))(جاف، 1989: 201). ڕۆمانوس بەهۆی پەرەسـەندنی پێکهاتەی ئەم کارەکتەرەوە توانیویەتی درێژە بە ڕێڕەوەی گێڕانەوەی ڕوداوەکان بدات و بەرەوپێشەوەیان بەرێت.

بە سـەرنجدان لەم نمونانە، لێکچونەکانی کارەکتەری پەرەسـێن لە هەردو ڕۆمانەکە لەوەدا دەردەکەون، کە کارەکتەری پەرەسـێن (ئەشـرەف لە ڕۆمانی ئابشـۆران، ئەکبەر لە ڕۆمانی کۆردەرە) لە هەمان کاتدا کارەکتەری سـەرەکین، هەروەها بنەماڵەی ئەم کارەکتەرە پەرەسـێنانە لە هەردو ڕۆمانەکەدا خاوەن تێڕوانینێکی ئاینی دواکەوتون، جیاوازییەکەشـیان لەوەدایە کارەکتەری پەرەسـێن (ئەشـرەف) لە ڕۆمانی ئابشـۆران، بەهۆی گۆڕانی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە شـەڕانییەکانییەوە بۆ کەسێکی ئاشـتیخواز دەبێتە کارەکتەرێکی پەرەسـێن، بەڵام لە ڕۆمانی کۆردەرەدا، ئەکبەر بەهۆی گۆڕانکاری لە بیروباوەڕی ئاینی دەبێتە کارەکتەرێکی پەرەسـێن، ئەم کارەکتەرە لە سـەرەتای ڕۆمانەکەدا پابەندی بنەماکانی ئاینەکەیەتی، بەڵام دواتر گۆڕانکاری بەسەر بیروباوەڕی ئاینیدا دێت و دەبێتە کەسێکی چەپ.

## 2- پێکهاتەی کارەکتەری پەرەنەسێن

کارەکتەری پەرەنەسـێن ((کارەکتەرێکە لەکۆتایی چیرۆکدا بە هەمان شـێوەی سـەرەتای چیرۆکەکە دەمێنێتەوەو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بە سـەردا نایەت))(Arp and Johnson ،2006 :164)، بە واتایەکی دیکە کارەکتەری پەرەنەسـێن لەسـەرەتای دەرکەوتنی لەناو ڕوداوەکاندا تا کۆتایی ڕوداوەکان خاوەن یەک تێڕوانین و تایبەتمەندییەو گۆڕانکاری بەسـەر بیرکردنەوەو هەڵوێسـت و ڕەفتارەکانیدا نایەت، هەرچەند ڕوداوەکان بەهێزبن.

کارەکتەری پەرەنەسـێن گرنگییەکی بەرچاوی لە دەرخسـتن و گەشـەکردنی تێروانین و هەڵوێسـتی کارەکتەرە پەرەسـێنەکاندا هەیە، ((چونکە دەکرێت لە ڕێی کردارو بیرکردنەوە و هەڵوێسـتی کارەکتەرە

پەرەنەســـێنەکانەوە زیاتر ڕۆشـــنایی بخرێتە ســـەرکردارو بیرکردنەوە و هەڵوێســـتی کارەکتەرە پەرەسێنەکان))(ئەڵوەنی، 2009: 98). ڕۆماننوس بۆ گەیاندن و خستنەڕوی تێروانینێک، یان ئایدیۆلۆژیایەکی (ڕامیاری، ئاینی، ڕەوشــتی ..) پەنا بۆ ئەمجۆرە کارەکتەرە دەبات، ئەمەش وا لە بنیاتی پێکهاتەی ئەم جۆرە کارەکتەرە دەکات کێشە و ئاریشەکانی لەسەر یەک ئاراستە بڕۆن و ئاڵۆزی بە پێکهاتەکەیەوە دیار نەبێت و خوێنەر بەئاسانی بیناسێتەوە.

لە ڕۆمانی ئابشـۆراندا، نمونەی کارەکتەری پەرەنەسێن زۆرن وەک (باوک و دایکی کارەکتەری ســەرەکی (ئەشرەف)، خاڵە موسی، بی بی داپیرە) هەریەک لەم کارەکتەرانە لەگەڵ دەرکەوتنیان لەناو ڕوداوەکاندا تا تەواو بونی پرۆسەی گێڕانەوە لەسەر یەک هێڵ دەڕۆن و گۆڕانکاری بەسەر بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتیاندا نایەت.

لە ڕۆمانی کۆردەرەدا، نمونەی کارەکتەرە پەرەنەســـێنەکان بە بەراورد بە ڕۆمانی ئابشـــۆران زیاترن. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بگێڕەوە ڕوداو و بەســـەرهاتەکانی کارەکتەری ســـەرەکی تا مردن و چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی یاداشـــتنامەی ئەکبەر دەگێڕێتەوە. کارەکتەرەکانی (دایک، باوک (نیعمەت)، خاڵە ســـەیفی، مامۆســـتا هۆشـــیار، مەنیژە، عەلی فەرمان...) نمونەی کارەکتەرە پەرەنەســـێنەکانی ڕۆمانی ئەم ڕۆمانەن.

باوکی ئەشرەف (مش سەیفی) یەکێکە لە کارەکتەرە پەرەنەسێنەکان. ئەم کارەکتەرە لەسەرەتای دەرکەوتنی تا کۆتایی ڕۆمانەکە خاوەن هەمان بیرکردنەوە و هەڵوســـوکەوتە و هیچ گۆڕانکارییەکی بنچینەیی و ڕیشەیی بەسەردا نایەت. لەگەڵ دەرکەوتنی لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە خوێنەر هەست دەکات ئەم کارەکتەرە هەڵگری بیروباوەڕێکی ئاینی دواکەوتو و داخراوە و لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی کەسێکی توند و تیژە، لە جیاتی ئەوەی هانیان بدات و پشـتگیرییان لە خوێندن و بە دەســتهێنانی بڕوانامە بکات، بەردەوام ڕێگرییان لێدەکات بۆ قوتابخانە بچن. دوای ئەوەی ئەشـرەف بە هاوکاری براکانی ئامێری مۆسیقی کەمانچە دەکڕن و لەناو سندوقی کتێبەکانی خۆیان دەیشارنەوە، بەڵام شەوێک لەکاتی خوێندنەوەی کتێبی (موسیبەت نامە) لەلایەن خاڵە موســاوە لێیان ئاشـکرا دەبێت و لە لایەن باوکیانەوە، خۆیان و دایکیان ئازار دەدرێن، چونکە لە تێڕوانینی ئاینی کەســـــە بەتەمەنەکانی ئەم خێزانەوە بونی ئامێرێکی مۆســـــیقی لە ماڵەکەیاندا دژ و پێچەوانەی ڕێگە پێدراوەکانی ئایینەکەیانە: ((ئەو شـــــەوە هەمومان تێهەڵدانمان خوارد. ژێر چاوم بە قەدەر گوێزێک خڕ و شـین هەڵگەڕابو. ئەکبەر و ئەسـغەریش بەهەمان شـێوەلێدانیان خواردبو. ئەسـغەر تا بەیانی دوجار خوێنی لە لوت هاتەخوارەوە. دایکیشـم کوتەک و لێدانی بابمی خوارد، تا چەند مانگ نەچوە حەمام نەوەکو ژنانی دراوسێ پەڵە ڕەشەکانی سەر جەستەی ببینن.))(درویشیان، 1386: 30). ڕۆماننوس بەهۆی

ئەم کارەکتەرەوە بەشـــێک لە بۆچون و بیرکردنەوە دواکەوتوە ئایینییەکانی ناو کۆمەڵگای خســـتوەتەڕو، نوسەر پیماندەڵێت کە دواکەوتویی و نەزانین گەورەترین و کوشندەترین دەردە توشی کۆمەڵگا دەبێـــت و لە هەر شـــوێنێک نەزانین و نەخوێندەواری هەبو، هەژاری و بەدبەختییەکانی ژیان ڕو لە دانیشـــتوانی ئەو شوێنە دەکەن.

بەهەمان شـــێوە لە ڕۆمانی کۆردەرەدا، باوکی ئەکبەر (نیعمەت) کارەکتەرێکی پەرەنەســـێنە، لەســـەرەتای ڕۆمانەکەوە تا کۆتایی، یەک جۆر بیرکردنەوەو هەڵوێســـت دەنوێنێت و خاوەن بیروباوەڕێکی دواکەوتوی ئاینیە. کارەکتەری باوک لەکاتی ئاشـکرابونی ئامێری مۆسـیقی منداڵەکانی هەمان هەڵوێسـتی کارەکتەری باوکی ڕۆمانی ئابشـــۆرانی هەیە: ((شـــەوی ڕابردو هەمومان لێدانێکی خەس و خۆڵمان خواردبو چاوم بە ئەندازەی هێلکەیەک ئاوسابو شین بو بوەوە ڕەزای بەد بەخت تا خاڵۆ سیف اللەیش ڕۆیشتە دەرەوە هەر خوێن لە لوتی دەهات... داڵگەی بێ چارەمان لە هەمو زۆرتر لێی درابو تا دو سێ مانگ نەڕۆیشـتە حەمام تاکو ژنان لێی نەپرسن لەش و ئەندامی بۆ وا شین هەڵگەڕاوە.!!))(جاف، 1989: 26).

لە ڕۆمانی ئابشـــۆراندا، باوک کارەکتەرێکی پەرەنەســـێنە، لە ســـەرەتا تا تەواو بونی ڕۆمانەکە خاوەن بیروباوەڕێکی دیاریکراوی ئایینیە و بە توندی لەگەڵ هاوســـەر و منداڵەکانی هەڵســـوکەوت دەکات و هیچ گۆڕانکارییەک بەســـەر هەڵوێسـت و ڕەفتارەکانیدا نایەت، هەر بەم شـێوەیەش لە ڕۆمانی کۆردەرەدا، باوک کارەکتەرێکی پەرەنەسێنە، خاوەن بیروباوەڕێکی دیاریکراوی ئایینیە، لەسـەرەتای ڕۆمانەکەوە تا تەوابونی ڕۆڵی لەسەر ئاراستەیەکی دیاریکراو دەڕوات، جیاوازی کارەکتەری باوک لە هەردو ڕۆمانەکەدا ئەوەیە، لە ڕۆمانی ئابشـــۆراندا کارەکتەری باوک نامرێت و ڕۆماننوس چارەنوســـی بەکراوەیی دەهێڵێتەوە، بەڵام لە ڕۆمانی کۆردەرەدا، کارەکتەری باوک دەمرێت.

## ئەنجام

**گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەمانەی خوارەوەن:**

1- کارەکتەر لەم دو ڕۆمانەدا (ئابشـــۆران) و (کۆردەرە) ڕۆڵێکی گرنگ لە دروســـت کردنی ڕوداوەکان و بەردەوامیی گێڕانەوەدا دەگێڕن و لە ڕێی ئەوانەوە (عەلی ئەشـــرەف) و (خوســـرەو جاف) وەک دو ڕۆماننوس دەیانەوێت بیروبۆچونی خۆیان ســـەبارەت بە واقیعی ژیان و ڕەفتار و بیرکردنەوەی کەســـانی واقیع دەرببڕن.

2- کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی کۆردەرە تا تەواوبونی بەشی دوازدەیەمی ڕۆمانەکە، هەمان هەڵوێست و تێڕوانینی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی ئابشۆرانی بەرامبەر بە ڕوداوەکان هەیە، جیاوازییەکەشیان لەوەدا

دەردەکەوێت بگێرەوە ژیان و بەسەرهاتی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی ئابشۆران تا گەیشتنی بە قۆناغی ئامادەیی دەگێڕێتەوە، بەڵام لە ڕۆمانی کۆردەرەدا بگێڕەوە ژیان و بەسەرهاتی کارەکتەری سەرەکی تا تەواوکردنی خوێندنی کۆلێژی (بیناسازی) و مردنی دەگێڕێتەوە.

3- کارەکتەرە لاوەکییەکان لە ڕۆمانی ئابشۆراندا، لە ئەندامانی خێزانی کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەرە لاوەکییەکانی دەرەوەی خێزانی کارەکتەری سەرەکی پێکدێن. کارەکتەرە لاوەکییەکانی خێزانی کارەکتەری سەرەکی زیاتر بەشداری ڕوداوەکان دەکەن بە بەراورد بە کارەکتەرەکانی دەرەوەی خێزانی کارەکتەری سەرەکی. بنیاتی کارەکتەرە لاوەکییەکان لە ڕۆمانی کۆردەرەدا، تا تەواوبونی بەشی دوازدەیەمی ڕۆمانەکە، هەمان بنیاتی کارەکتەرە لاوەکییەکانی ڕۆمانی ئابشۆرانیان هەیە و هەمان ڕۆڵ لەناو ڕوداوەکاندا دەبینن و جیاوازییەکی ئەوتۆ لە بیرکردنەوە و کرداریاندا نابینرێت و تەنیا ناوەکانیان گۆڕاوە. لە بەشی سێزدەیەمەوە کارەکتەری لاوەکی تر دێنە ناو ڕۆمانەکەوە.

4- لە ڕۆمانی ئابشۆراندا، کارەکتەری سەرەکی، کارەکتەرێکی پەرەسێنە، بە هەمان شێوەش لە ڕۆمانی کۆردەرەدا کارەکتەری سەرەکی، کارەکتەرێکی پەرەسێنە، هەروەها بنەماڵەی ئەم کارەکتەرە پەرەسێنانە لە هەردو ڕۆمانەکەدا خاوەن تێڕوانینێکی ئاینی دواکەوتون، جیاوازییەکەشیان لەوەدایە کارەکتەری پەرەسێن (ئەشرەف) لە ڕۆمانی ئابشۆراندا، بەهۆی گۆڕانی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە شەڕانییەکانییەوە بۆ کەسێکی ئاشتیخواز دەبێتە کارەکتەرێکی پەرەسێن، بەڵام لە ڕۆمانی کۆردەرەدا، ئەکبەر بەهۆی گۆڕانکاری لە بیروباوەڕی ئاینی دەبێتە کارەکتەرێکی پەرەسێن، ئەم کارەکتەرە لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا پابەندی بنەماکانی ئاینەکەیەتی، بەڵام دواتر گۆڕانکاری بەسەر بیروباوەڕی ئاینیدا دێت و دەبێتە کەسێکی چەپ.

5- کارەکتەری باوک لە ڕۆمانی ئابشۆراندا، یەکێکە لە کارەکتەرە پەرەنەسێنەکان، لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە تا تەواوبونی ڕۆمانەکە هەمان تێڕوانی ئاینی هەیە و گۆڕانکاری بەسەر هەڵسوکەوتەکانیدا نایەت، کارەکتەری باوکیش لە ڕۆمانی کۆردەرەدا هەمان پێکهاتەی هەیە.

# Character structure in the two novels Abshoran by Ali Ashraf Darweshan and Kodara by Khusraw Jaf

## Literary comparison research

**Shakhawan Hassan husein[1]- Najm Khalid Alwani[2]**

[1+2]Kurdish Department, College of languages, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan region, Iraq.

**Abstract:**

This study is a comparative attempt using the French School of Comparative Literature method to compare the character structure in the two novels: Abshoran by Ali Ashraf Darwishan and Kordara by Khosraw Jaf.

Characterization as a major component in a novel has an important role in the development of all the events. In this study comparison between major and minor characters, also between progressive and unprogressive characters has been conducted.

**Keywords**: Character, Major Character, Minor Character, Progressive Character, Unprogressive Characters.

## سەرچاوەکان

ئەڵوەنی، نەجم (2009)، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا، زنجیرە کتێبی دەزگای موزیک و کەلەپوری کورد، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

ئەڵوەنی، نەجم (2015)، دەسەڵاتی حەکایەتخوان لە چیرۆکدا بەنمونەی کۆچیرۆکی (کێ وەستا کەریمی کوشت؟) لە نوسینی (موحسین چینی)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی یەکەم، هەولێر.

ئەڵوەنی، نەجم (2017)، تیۆری کۆمەڵناسیی ڕۆمان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی یەکەم، هەولێر.

ئەڵوەنی، نەجم (2021)، گرنگیی کارەکتەر لە ڕۆمانی(یادداشتی عەترو ئاگر)ی (بەیان سەلمان)دا (توێژینەوەیەک لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆجیای دەقەوە، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

حاجی، سەنگەر قادر شێخ محەمەد(2009)، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی(مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی خانی، دهۆک.

خالد، عماد وەیسی (2018)، ئەدەبی بەراورد تێگەهـ و قوتابخانە و کەرەستە، دەزگەهی نالبەندیێ چاپ و وەشانێ، چاپخانەی هیڤی، هەولێر

جاف، خوسرەو (1989)، کۆردەرە، مطابع دار الجماهر للصحافة،بغداد.

شێخانی، جەوهەر (2014)،بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسین عارف)دا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

عبدوڵلا، محەمەد ئەمین (2000)، شاکەس لە ڕۆمانی کوردی-کوردستانی عێراق دا (1990 ـ 1997)، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

عومەر، عەونی ئەمین (2015)، بنیاتی کارەکتەر لە دو ڕۆمانی (فەرهاد پیربالْ)دا بە نمونەی (مولازم تەحسین و شتی تریش) و (هوتێل ئەوروپا)،نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

نەجمەددین، عەلی مستەفا (2022)، گێڕانەوەی خودی و بابەتی لە ڕۆمانی کوردیی باشوری کوردستاندا (2015 – 2020) کوردیی ناوەڕاست بە نمونە، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

مقدسی، ابوالحسین امین(1386)، ادبیات تطبیقی با تکیه بر مقارنه ملک الشعراء((محمد تقی بهار)) و امیر الشعرا ((احمد شوقی))، چ1، تهران، مؤسسه انتشارات و چاپ دانشگاه تهران

کفافی، محمد عبدالسلام (1382)، ادبیات تطبیقی (پژوهشی در باب نظریه ادبیات و شعر روایی، ت. د.سید حسین سیدی، مشهد، شرکت بەنشر.

البدیری، علی مجید(1400)، ادبیات تطبیقی مبانی و کاربست ها، ت. معصومه نعمتی قزوینی، انتشارات سفیر قلم.

عبدالحسین زرین کوب(1388)، آشنایی با نقد ادبی، چ 8، تهران، انتشارات سخن.

گویارد، ام. اف (1374)، ادبیات تطبقی، ت. علی اکبرخان محمدی، پاژنگ، تهران.

ژون، سیمون (1390)، ادبیات عمومی و ادبیات تطبیقی، ت. حسن فروغی، انتشارات اوقاف، چاپ اول، تهران.

ندا، طه (1393)، ادبیات تطبیقی، ت. هادی نظری منظم، چ 3، تهران

فورستر، ادوارد مورگان (1384)، جنبەهای رمان، ت. ابراهیم یونسی، مؤسسه انتشارات نگاه، چ5، تهران.- درویشیان، علی اشرف (1398)، آبشوران: داستان های کوتاه، چاپ سی و چهارم، نشرچشمه، تهران.

پیرانی، منصور (1391)، ((ادبیات تطبیقی)) در گذر از نحلههای گوناگون و عناصردخیل در پیدایش ان، مجله تاریخ ادبیات، ش3

حجازی، سمیر سعید (2001)، قاموس مصطلحات النقد الادبی المعاصر، دار الافاق العربیة، القاهرة.

-Arp. R. Thomas and Johnson, Greg. (2006) Perrine’s Literature, Structure, Sound and Sense. Thomas Publisher. Ninth Edition. New York.